پێغەمبەری خودام بینی -صلى الله عليه وسلم- نوێژی دەکرد، ودەنگێک لە سینگیەوە دەردەچوو وەکو دەنگی بەردەئاش بەهۆی گریانیەوە -صلى الله عليه وسلم

لە عبداللەی کوڕی شیخیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودام بینی -صلى الله عليه وسلم- نوێژی دەکرد، ودەنگێک لە سینگیەوە دەردەچوو وەکو دەنگی بەردەئاش بەهۆی گریانیەوە -صلى الله عليه وسلم-».

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

عبداللەی کوڕی شیخیر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەری خودای بینی -صلى الله عليه وسلم- نوێژی دەکرد، ودەنگێکی دەبیست لە سینگیەوە دەردەچوو وەکو دەنگی بەردەئاش وابوو کاتێک کەسێک خۆراکەکەی نێوی دەهاڕێت دەنگێکی هەیە، بۆیە ئەم هاوەڵە دەنگی گریانی پێغەمبەری چواند -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی نوێژدا بە دەنگی بەردەئاش، ئەمە حاڵی پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ پەروەردگاری، لەکاتێکدا خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی پێشوو وداهاتووی خۆشبووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تەقوادارترین مرۆڤ بووە ولە هەموو خەڵکی زیاتر لە خودا ترساوە؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی لە هەموو کەسێک زیاتر خودای ناسیووە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10653